# بۆچی پێویستە نەوت بە بۆریی کوردستان و کەرکووک بگوازرێتەوە؟

17-03-2026

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** لەدوای راگرتنی هەناردەکردنی نەوت لە تەنگەی هورمزەوە تاکە دەرچەی عێراق بۆ دەستپێکردنەوە بە هەناردەکردن لەم قۆناخەدا بەندەری جەیهانە. ئەو دوو بۆڕییەش کە دەتوانێت نەوت بگوازێتەوە بە خاکی هەرێمی کوردستان دا تێدەپەرێت. ئەگەر عێراق نەتوانێت بگاتە رێککەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەوا لەم مانگەدا نەوەکو داهاتی نابێت بەڵکو بۆ خەرجییەکانی دەبێت پەنا بباتە بەر یەدەگی بانکی ناوەندیی عێراق، کە ئەمەش بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ناتوانرێت بەردەوام بێت.

لەدوای راگرتنی هەناردەکردنی نەوت لە تەنگەی هورمزەوە تاکە دەرچەی عێراق بۆ دەستپێکردنەوە بە هەناردەکردن لەم قۆناخەدا بەندەری جەیهانە. ئەو دوو بۆرییەش کە دەتوانێت نەوت بگوازێتەوە بە خاکی هەرێمی کوردستان دا تێدەپەڕێت. ئەگەر عێراق نەتوانێت بگاتە رێککەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەوا لەم مانگەدا نەوەکو داهاتی نابێت بەڵکو بۆ خەرجییەکانی دەبێت پەنا بباتە بەر یەدەگی بانکی ناوەندیی عێراق، کە ئەمەش بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ناتوانرێت بەردەوام بێت.

بەرەبەیانی 17ی ئادار کاژێر 5ی بەیانی لە فەیسبووکەوە وەزارەتی نەوتی عێراق بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوەکرد "ئەگەر هەرێمی کوردستان رێگربێت لە هەناردەکردنی نەوت لە کەرکوک ـ پیشخابوورەوە، پەنا دەبەینە بەر دادگە". رۆژێک پێشتریش وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاندبوو:" لە رێگەیەکی دیکەوە نەوت هەناردە دەکەین بە هەرێمی کوردستان دا تێناپەڕێت"، بەڵام بەیاننامەکەی وەزارەتی نەوتی عێراق دەریدەخات کە ئەو بۆڕیەش کە وەزارەتی نەوتی عێراق باسی دەکات ئەویش بە خاکی هەرێمی کوردستان دا تێدەپەڕێت.

عێراق دوو بۆڕی هاوتەریبی بۆ هەناردەکردنی نەوت بۆ تورکیا راکیشاوە، بەڵام یەکێکیان توانای گواستنەوەکەی کەمبووە و لە 1990ەوە بەتەواوی پشتگوێخراوە، ئەوەی دووەمیان کە بە بۆڕی کەرکووک ـ تورکیا ناسراوە بەهۆی تەقاندنەوەی لە سێ شوێنی جیاوازدا تاوەکو ئێستا نەتوانراوە بەتەواوی چاکبکرێتەوە کە بتوانێت نەوتی لێوە بۆ جەیهان هەناردە بکرێت.

ئەو بۆڕیەی کە وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاندووە لە رۆژانی داهاتوودا ئامادە دەبێت، ئێستا شەو و رۆژ کاری تێدا دەکەن و لەقۆناخی پشکنینی کۆتاییدایە، بەڵام بەپێی زانیارییەکان لە دوایین تاقیکردنەوەدا کێشەی هەبووە و جارێکی دیکە دەستکراوەتەوە بە چاککردنەوە و گۆڕینی بۆڕیەکان بۆ ئەو 100 کیلۆمەترەی بەهۆی تەقاندنەوەکانەوە کێشەی تێدایە.

لە بنەڕەتدا توانای گواستنەوەی بۆڕیەکەی کەرکووک ـ تورکیا 1 ملیۆن بەرمیل نەوتە، بەڵام ئەگەر چاککردنەوەکانیش خێرابن ئەوا بڕی ئەو نەوتەی دەتوانرێت لێیەوە بگوازرێتەوە 250 هەزار بەرمیل نەوتە لە رۆژێک دا ، ئەمەش لەکاتێکدا عێراق رۆژانە هەناردەکردنی 3.2 ملیۆن بەرمیلی بەهۆی داخستنی تەنگەی هۆرمزەوە لە دەستداوە.

لە بەرامبەردا، تاکە بۆڕی بتوانێت نەوت بگوازێتەوە و ئێستا ئامادەبێت نەوتی پێدا بڕوات بۆڕی خۆرمەڵە ـ پیشخابوورە کە ساڵی 2014 حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستیکرد، توانای گواستنەوەی 1 ملیۆن بەرمیل نەوتە، پێشووتر بە توانای سەروو نیو ملیۆن بەرمیل تاوەکو 670 هەزار بەرمیل گواستنەوەی نەوت کاری کردووە، بەڵام تائێستا هەولێر و بەغدا نەگەشتوونەتە رێککەوتن بۆ بەکارهێنانی بۆڕیەکە بۆ هەناردەکردنی نەوتی کێڵگەکانی ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی نەوتی عێراق.

رۆژ بە رۆژیش بە ئامانجگرتنی کێڵگە نەوتییەکان و ژێرخانی وزە لە هەرێمی کوردستان و عێراق روو لەزیادبوونە کە هێرشەکان لە ناوچەی بەردەستی حکومەتی فیدرالیی عێراقەوە لەلایەن گرووپەکانی نزیک لە ئێران و حەشدی شەعبییەوە دەکرێن، بەڵام وەزارەتی نەوت ئامادەکاری بۆ هەناردەکردنی نەوت لە بۆڕیەکەیەوە دەکات کە درێژییەکەی 970 کیلۆمەترە.

ئەگەر عێراق بتوانێت رۆژانە 250 هەزار بەرمیل هەناردە بکات لە بۆڕی کەرکووک - تورکیاوە، ئەوا داهاتی مانگانەی دەگاتە 750 ملیۆن دۆلار بەم نرخەی ئیستای نەوت ، لە بەرامبەردا بەپێی عێراق ئۆیل ریپۆرت ئەوەی هەرێمی کوردستان داوایکردووە لە بەغدا لەڕووە داراییەکەوە مانگانە ناگاتە 80 ملیۆن دۆلار.

ئێستا، ئەگەر عێراق و هەرێمی کوردستان بگەنە رێککەوتن لەجیاتی شەڕی بەیاننامەیی و لیکدانەوە بۆ ماددەکانی دەستوور و سەپاندنی داواکارییەکان، دەتوانن بە هەردوو بۆڕیەکە بڕی هەناردە بۆ بەندەری جەیهان بگەیننە 1 ملیۆن بەرمیل بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا و ئەمریکا، کە داهاتەکەی لە مانگێکدا نیوەی ئەو داهاتەیە کە بە هەناردەکردنی 3.4 ملیۆن بەرمیل لە مانگەکانی پێشوودا بەدەستهاتووە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان.

## هێڵەکانی گواستنەوەی نەوت؛ هەرێمی کوردستان، عێراق ـ تورکیا

ساڵی 1973 عێراق و تورکیا رێککەوتنێکیان واژۆکرد بۆ هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە رێگەی تورکیاوە بۆ بازاڕەکانی جیهان کە بە "بۆڕی عێراق ـتورکیاIraqi-Turkish Pipeline" ناسراوە. دواتر لە ساڵانی 1976 دا دەستکرا بە دروستکردنی بۆڕی یەکەم و تەواوکرا کە لە سەلاحەدینەوە بۆ تورکیا بوو.

ساڵی 1987 بۆڕی دووەم بە تەنیشت بۆڕی یەکەمەوە راکێشرا کە بە بۆڕی کەرکووک ـ جەیهان ناسراوە . ئەم بۆڕیە کە دواتر

نۆژەنکرایەوە، درێژییەکەی 970 کیلۆمەترە و تیرەی بۆڕیەکە 48 ئینج و بە توانی گواستنەوەی 1 ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا ڕاکیشراوە.

بۆڕیەکەی کەرکووک ـ تورکیا لە ساڵانی دوای 2003 و لەو ساڵانەی داعش موسڵی داگیرکردبوو لە چەندین شوێنی جیاوازەوە تەقینرایەوە، بۆ نموونە لە 16 ی ئاب 2013 لە ناوچەی شورە لە باشووری موسڵ کە 60 کیلۆمەتری دەکەوێتە ئەم ناوچەیەوە تەقیندرایەوە، دواتریش لە 3ی ئەیلوولی 2013 دا لە ناوچەی عەین جەهاش بۆڕیەکە تەقیندرایەوە.

ساڵی 2013 هەرێمی کوردستان بۆڕیەکی نوێ لەنیو خاکی هەرێمی کوردستان لە تەقتەقەوە بۆ خۆرمەڵە و لەویشەوە بۆ پێشخابوور بە توانای گواستنەوەی 1 ملیۆن بەرمیل نەوتەوە بنیاتنا، کە بە خورمەڵە ـ پیشخابوور ناسراوە.

راستە هەریەکە لەم بۆڕیانە توانای گواستنەوەی یەک ملیۆن بەرمیلە، بەڵام ئەوەی عێراق تاوەکو 250 هەزار بەرمیل نەوت و ئەوەی هەرێمی کوردستان تاوەکو 760 هەزار بەرمیل نەوتی لێوە دەگوازرێتەوە، واتە پێکەوە دەتوانن نەوەکو بە تەنیا نەوتی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان و کەرکووک، بەڵکو نیو ملیۆن بەرمیل نەوتی نێوەڕاست و باشووری عێراقیش بگوازێتەوە و سەرچاوەکانی هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ دەرەوە فرە بکات.

گرافیک 1: نەخشەی گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان - عێراق ـ تورکیا



سەرچاوە: S&P گلۆباڵ، نەخشەی بۆرییەکانی نەوت و گاز  لە هەرێمی کوردستان و  عێراق بۆ تورکیا

ئێستا، هەموو رێڕەوی بۆڕیەکان  بۆ گواستنەوەی نەوت بۆ تورکیا لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ دەکەونە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. ئەمەش پێچەوانەی لێدوانەکەی وەزیری نەوتی عێراق بۆ هەناردەکردن بەبێ هەرێمی کوردستان.

ئەگەر عێراق بتوانێت مەترسییەکانی هەناردەکردنی نەوت لە بۆڕی کەرکووک ـ پیشخابوور بەدرێژایی 970 کیلۆمەتر، بۆچی ناتوانێت ئاسایشی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکرێت تاوەکو نەوت بەرهەمبێنن و ئاستی هەناردەکردن لەم دوو بۆڕییەوە بۆ تورکیا بگەیێننە 1 ملیۆن بەرمیل نەوت کە داهاتی رۆژانەی 100 ملیۆن دۆلارە و لە مانگێکدا دەگاتە 3 ملیار دۆلار، نیوەی ئەوەی لە مانگەکانی لە سەرەتای ئەم ساڵەوە لە هەناردەکردنی نەوت دا دەستیکەوتووە.